

# دەنگم نەدا....نەمتوانی لەگەڵ ویژدانی خۆم درۆ بکەم

بەر لە ڕۆژی حەفتی ئادار ، ڕۆژی دەنگدانی عێراقی دەمویست نووسراوەیەک یا بانگەوازێک بڵاوبکەمەوە و تێدا داوا بکەم دەنگ مەدەن بەو لیستانەی کە کوردستانیان گەیاندۆتە ئەو ڕۆژە ، بەڵام ئەو داوایە دەبووە دوور لە پرۆسەی دیموکراسی کەسی [فەردی] و خۆ خستنە ناو لێشاوی کۆمەڵێک پرسیار کە پێویستی نەدەکرد لای هاوڕێ یان و دۆستەکان و




برادەرەکانم پرسیار و خوێندنەوەی ترم بۆ بکرێت ، بۆیە ئەو بیرورایەم خستە دوای تەواو بوونی پرۆسێسی هەڵبژاردن و بانگێشەی خۆ هەڵبژاردن و دوا پرۆسەی جیا کردنەوەی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی براوە و دۆڕاو . خودی هەڵبژاردن لە هەر شوێنێک بکرێت کارێکی پیرۆزە و تاک دەتوانیت دەوری خۆی واز بکات و ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات ئەگەر بێت و کاندیت و حزبەکە یا لیستەکە بە دڵی خۆی بێت و دوور لە بەرژەوەندی پوولی[دارایی...سەرمایە] و کورسی و شتی شەخسی . ئەگەر دەنگدان بە گوێرەی شوێنی لەدایک بوون نەبوایە ئەوا دەنگم دەدا بە لیستی [اتحاد الشعب] و ژمارە 1 حەمید مەجید موسای سکرتێری حزبی شیوعی عێراق ، چونکە ئەو لیستە بە تەنها هاتبوونە خوارەوە و نوێنەرایەتی شیوعییەکانی عێراقی دەکرد ، هاوڕێ حەمید مەجید لەناو پەڕلەمانی عێراق بە دڵەوە پشتیگیری لە مافەکانی کورد و کوردستان

دەکات . ڕێزم بۆ هاوڕێ یانم پەخشان زەنگەنە و جەلال دەباغ هەیە کە ئەوانیش شیوعی کوردستانن بەڵام لەسەر حیسابی لیستی هاوپەیمانی کە لەو لیستەش پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی هەیە کە بەهیچ جۆر لەگەڵ بیروباوەڕ و مێشکی من یەکتر ناگریتەوە کە قەڵەم لە لیستی هاوپەیمانی بدەم کە ئەوە 19 ساڵە هەردوو زل حیزب سەرمایەی ئەو میللەتە بەستەزمانەم لووش دەدەن ئەوەش ویژدانی من ئاسوودە ناکات و بۆیە دەبوایە حزبی شیوعی کوردستان چۆن لە مانگی حەوت بەتەنها لەگەڵ گرووپەکانی تر دابەزی ئاوا بوێربوایە ئەمجارەش بەتەنها دابزیت و سواڵ بۆ لیستی هاوپەیمانی نەکات کە لەو باوەڕەم چەندان شیوعی کوردستان دەنگیان بۆ داون و ئەو دەنگانەش بۆ لیستی هاوپەیمانی حیساب دەکرێت . لەلایەکی ترەوە هەردوو هاوڕێ یانی بەڕێزم لەسەر لیستی گۆڕان لە هەولێر ژمارە 11 سەلاح مەزن و لە موسڵ شێخ عەلی برام و خەلیل جوندی ژمارە 2 وەکو من بیر دەکەنەوە و دڵسۆزی ڕێبازی شیوعیەتن بەڵام بەداخەوە بۆ ویژدانی من نەدەبوو دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەم کە نەوشێروان مستەفا ڕابەرایەتی دەکات و بۆمن ئەو مرۆڤە دەبێت ببرێتە بەردەم دادگا و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت لەسەر کوشتنی ئەو هەموو شیوعیە و مرۆڤانە کە ئەو لە پشتی یەتی یا دەستی تێدا بووە . بەداخەوە کورد لە ئۆپۆزیسیونیش هەر فەقیر و قوربەسەرە ڕۆژگارەکە بووە بە ڕۆژی ئەوانەی گردەکە سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە بکەن کە بوونی لە کوردستاندا شتێکی ئێجگار گرنگە بەڵام سەرکردیەتی یەکەی هەزار داخ و ئاخی بۆ هەڵدەکێشرێت . ئەوانەی گردەکە هیچ کەمتر لێپرسراوەیەتیان نی یە لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان . خۆزگە ئەو کوڕ وکچە گەنجانەی کە لەناو پەڕلەمانی کوردستان بە لێدانی مێزەکە پەڕلەمانیان زیندوو کردەوە ئەوانە پەیامیان بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ کەرکوک و گەرمیان و هەولێر و سلێمانی و دهۆک و زاخۆ و خانەقین و شەنگاڵ و مەخمور ڕەوانە دەکرد و نەک نەوشێروان مستەفا کە هەنووکە لەگەڵ کۆنە هەڤاڵەکەی [جەلال تاڵەبانی] کەوتوونەتە دەم خستنە دەم و ئەوەی ناشرینە بەیەکتری دەڵێن و هەر بڵێی لەژیانیاندا هەڤاڵی یەکتر نەبن . لەسەر خواستی جەلال تاڵەبانی یەکەم تاوان نەوشیروان تۆماری کرد فڕێ دانی نارنجۆکی ترسنۆکی بوو بۆ قوتابخانەی کچانی سلێمانی . لەسەر

خواستی جەلال تاڵەبانی کە خودی خۆی نەوشیروان مستەفا باوەڕی بە بیروباوەڕی مارکسی لینینی نەبوو کۆمەڵەی مارکسی لینینی سەڕبڕی و ناوەکەشی فت کرد و بووە سکرتێری یەکەمی . لە هەموو کتابەکانی نەوشیروان مستەفا جنێو و قسە بەهەموو هەڤاڵەکانی دەدات تەنها مەدح و سەنای جەلال تاڵەبانی دەکات . بۆیە ویژدانی من ڕێگای نەدام دەنگ بدەم بەوانەش و دەنگەکەم لە خۆڕا بە هەوا داچوو . قەڵەم بۆی نەسەلماندم بچم لە لیستی گۆڕان و لیستی هاوپەیمانی ئیشارەبکەم و کاغەزی سپیش بدەم وەکو پڕۆتیستەک فڕێی بدەمە ناو سەندووقەکە . حزبی شیوعی کوردستان بە تەنها بێتەخوارەوە و پارێزگاری لە دەنگی دۆست و هەواڵ و ئەندامانی بکات زۆر باشترە لەوەی خۆی بخاتە ریزبەندی ئەو گروپ و حیزبانەی کە لەگەڵ ئایدولوژیا و بیروباوەری شیوعیەت یەکتر ناگرنەوە . دەبا هەر ئەندامانی نەگەن بە پەرلەمان بەڵام بەشداری کردنی بە تەنها دەبێتە دەنگێکی بەرز بۆ دژایەتی کردنی ئەو گەندڵسز و دزانەی لەسەر شانی بگەنە پەرلەمان . شیوعیەکانی کوردستان بەدەست نیشان کردنی کەموکوڕی خەڵکی کوردستان دەبێتە حزبێکی جەماوەری و لە ئایندەدا دەنگی زیاتر بۆ حزبەکەی کۆدەکاتەوە بوونی ئەو رووحیەتە لە تێکۆشاندا دەبێتە حزبەکی جەماوەری لە کوردستانی خۆشەویستدا . ئاخۆ چەندی وەکو من ویژدانی ڕێگای نەدا دەنگ بدات . پیرۆزبایی لەو لیست و حزبانە دەکەم کە دەنگی خەڵکیان هێنا و توانیان نوێنەریان ڕەوانەی پەڕەلەمان بکەن . دەنگدان بۆ مرۆڤ مافێکی ڕەوایە .

ڕۆژی پێنجی ئادار و شەشی ئادار و حەفتی ئازار ڕۆژی ڕاپەڕین لە خەڵکی کوردستان پیرۆز دەکەم و هیوادارم خەڵکی کوردستان لەمەودوا داوابکات ئەو دز و پیاو کوژانە راپێچی دادگای بێلایەنی کوردستان بکرێن و بە هەقی خۆیان بگەن بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە نموونەی ژیانی دیموکراتی و پێکەوەژیان .

**فەهد گردەوانی 2010/3/7ستۆکهۆڵم**